ابو عبدالرحمن الكردي

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

خوێندنەوەی کوردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

خوێندنەوەی کوردی

بــــۆ

پۆلی سێیەمی بنەڕەتی

دانـانی
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

چاپی یەکەم   ٢٧٠٨کوردی   ٢٠٠٨زایینی

چاپخانەی الاتحاد - لوبنان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

سەرپەرشتی زانستی چاپ
سادق ئەحمەد عوسمان

سەرپەرشتی هونەری چاپ
سەباح سەعید عەبدوڵا

دیزاین و بەرگ
عـــادل زرار

نیگار
محەمەد هاشم

لە سەرەتای ساڵەوە

براکانم! خوشکەکانم!

هاوڕێ خۆشەویستەکانم!

دەرگای مەکتەب کرایەوە

پشووی هاوین بڕایەوە

جا نۆرەی قوتابخانەیە

کە بۆ زانین هێلانەیە

بە یەکتر شاد دەبینەوە

ڕێگای خوێندن دەگرینەوە

کاکەی فەللاح- دیوانی (چرۆ)

واتای وشەکان:

وشە		واتا
هاوڕێ	:	هەڤاڵ
پشوو	:	بهن ڤەدان، حەسانەوە، حەوانەوە

ڕاهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. چۆن پشووی هاوینت بەسەر برد؟

٢. کوێ بۆ زانین هێلانەیە؟

ڕاهێنان (٢)

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو تەواو بکە:

١. براکانـم ....

٢. .... خۆشەویستەکانـم.

٣. جا نۆرەی ....

٤. کە بۆ .... هێلانەیە.

چالاكی (١)

مامۆستا سوودەکانی پشووی هاوین بۆ قوتابییان ڕووندەکاتەوە.

چالاكی (٢)

کوڕ: ئەم کوڕە ئەم کوڕانە

تۆش ئەم وشانە وەکـ ئەوەی سەرەوەی لێبکە.

کرێکار ....

جووتیار ....

کیژ ....

دار ....

گوڵ ....

ڕەوشتی باش

سیروان خوشکێکی بچووکی هەبوو ناوی (ڤیان) بوو.

ڕۆژێك سیروان لە خوشکە بچووکەکەی خۆی پرسی:

ڤیان! کە دەچیت بۆ قوتابخانە، بە کوێدا دەڕۆیت؟

ڤیان گوتی:

بەسەر قەراغی ڕێگادا دەڕۆم

سیروان: ڤیان! ئەگەر ویستت لەم بەری ڕێگاکەوە بپەڕیتەوە ئەوبەری ڕێگاکە چی دەکەیت؟

ڤیان: ئەگەر بمەوێت لە ڕێگا بپەڕمەوە، بەلای ڕاستو چەپمدا دەنۆڕم. ئەگەر دیتم ئۆتۆمبێلێك دێت، لەلایەکی ڕێگاکە ڕادەوەستم تا ڕادەبورێت، ئینجا دەپەڕمەوە.

سیروان: ڤیان! له خوێندنگه چی فێر دەبیت؟.

ڤیان: فێری خوێندنەوەو نووسینو ڕەوشتی بەرزو وێنەو ژمارەو گەلێک بابەتی دیکە فێر دەبم.



سیروان: لەکاتی پشوودا چی دەکەیت؟.

ڤیان: له پشوودا دەچمە مەیدانی قوتابخانەو لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا گەمە دەکەم و ئازار بە کەس ناگەیەنم.

سیروان: پێم بڵێ، ئەگەر خامە یا شتێکی دیت لە گۆڕەپان دۆزییەوە چی لێدەکەیت.

ڤیان: ئەگەر قەڵەم یا شتێکی دیم دۆزییەوە بە شوێن خاوەنەکەی دەگەڕێمو دەیدەمەوە. ئەگەر نەمزانی هی کێیە دەیدەمە دەستی ماموستاکەم.

واتای وشەکان

وشە		واتا
خاوەن	:	خودان
رادەبورێت	:	تێدەپەڕێت
ڕێگا	:	جاددە، شارێ، شەقام
هەڤاڵ	:	برادەر، ئاوەڵ
گەمە	:	یاری، وازی
دۆزییەوە	:	دیتیەوە
دەنۆڕم	:	تەماشا دەکەم

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. سیروان خوشکێکی بچووکی هەبوو، ناوی چی بوو؟

٢. ڤیان، کە دەچووە قوتابخانە، بە کوێدا دەڕۆیشت؟

٣. ڤیان لە قوتابخانە چی فێر دەبێت؟

٤. ڤیان لەکاتی پشوودا چی دەکات؟

٥. ڤیان ئەگەر پێنووستیکی لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا دۆزییەوە، چی لێدەکات؟

چالاکی

بۆ خۆشنووسین

قوتابخانە بۆ زانین هێلانەیە

ئەم دێرە بە خەتێکی جوان لە تێنووسەکەت دووجار بنووسە.

چۆلەکەو ڕێوی

چۆلەکەیەکی جوانکیلە لە دارستانێکـ بۆ دانەوێڵە دەگەڕا، لە ناکاو ڕێوییەکی لێپەیدا بوو پەلاماری داو گرتی.

چۆلەکەی بەسەزمان لەبەر دەستی ڕێوی تەڵەکەبازدا وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی. ڕێوی بە فیزێکەوە لە چۆلەکەی پرسی: ئەرێ پێم ناڵێیت تۆی بێدەستەڵات بۆچی دڵخۆش‌و بەختیاریت؟ بەڕاستی سەیرە! من بەم هەموو هێزو توانایەمەوە هەمیشە دڵتەنگم، کەچی چۆلەکەیەکی لاوازی وەکـ تۆ هەردەمە لە ئاوازێکـ لێدەدەیت‌و ئەم چڵ‌و ئەو چڵ دەکەیت. چۆلەکەی بەسەزمان بە ترس‌و لەرزەوە گوتی: ڕێوی ئەگەر دەتەوێت هۆی بەختیاریم بزانیت بەرم بدە با بفڕمە سەر یەکێك لەو چڵانە، ئەوجا گوێم لێ بگرە نهێنی خۆمت لێ ئاشکرا دەکەم جا ئەگەر گوێم لێ بگریت لەوە چاکتر نییە سیسەڵەیەکی وەکو من بخۆی؟

ڕێوی هەندێك بیریكردەوەو ئەوجا چۆلەكەكەی بەڕەڵاكرد.

چۆلەكەكە فڕییە سەر دارێكی بڵندو تۆزێك حەسایەوە، گوتی: ئەی ڕێوی من سەرەڕای بێدەسەڵاتیم هەمیشە دڵخۆشو بەختیارم، چونكە هیچ بیر لە ئازاردانی كەسانی دی ناكەمەوەو زۆرداریم بە خەیاڵ نایەت، بەڵام تۆی فێڵباز بە ئازاردانی بێدەسەڵاتانەوە خەریكیتو هەر بیر لە زۆرداری دەكەیتەوە، لەبەر ئەوە هەموو كاتێك لە غەمو پەژارەدا دەژیتو دوژمنت زۆرە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
چۆلەکە	:	چویچك، کێشکە
لە ناکاو	:	لە پڕ
پەلاماریدەدات:		پڕیدەداتێ
بە فیزێکەوە:		بە لە خۆبایی بوونەوە، بە لووت بەرزییەوە
چڵ	:	تای دار، لق
سیسەڵەیەکی:		لاواز
پەژارە	:	خەم، خەفەت

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١. بۆچی ڕێوی پەلاماری چۆلەکەکەیدا؟

٢. ڕێوی بەچی بەناوبانگە؟

٣. نهێنی چۆلەکەکە چی بوو؟

ددانەکانمان

خوێندکارانی خۆشەویست: دروستی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە. بۆیە پێویستە ئاگاداری ددانەکانمان بین، ڕۆژانە بە فڵچەو هەویری ددان بیانشۆین. لە دوای هەر نانخواردنێکدا پاکیان بکەینەوە، شیرینی کەم بخۆین. هەروەها وا باشە جاروبار بچینە لای پزیشکی ددان بۆ پشکنینو پاراستنیان لە کلۆریو نەخۆشی دیکە.

مرۆڤ بە دوو جار ددانی دێن:

ددانەکانی جاری یەکەم پێیاندەگوترێت: ددانی شیری، ژمارەیان بیست ددانە، لە تەمەنی شەش ساڵی بەو لاوە ئەم ددانانە دەکەون‌و، دوای ماوەیەکی دی ددانی هەمیشەیی دێن کە ژمارەیان سیی‌و دوو ددانە. ئەم ددانە هەمیشەییانە ئەگەر کەوتن ددانی دیکەیان لە جێ نایەتەوە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
تەندروستی	:	ساخلەمیا لەشی
بۆیە	:	لەوا
پاکیان بکەینەوە	:	پاکژیان بکەین
نەخۆشی	:	نە ساخی
پێیاندەگوترێت	:	دبێژنێ
بەولاوە	:	ئەولاتر
نایەتەوە	:	ناهێتەڤە

چالاکی (١)

قوتابییانی خۆشەویست

ئەم ئەندامانەی خوارەوەی لەشی مرۆڤ لەسەر وێنەکە دیاربکە:

ناوك، سینگ، چاو، گوێ (گوهـ)، ئەژنۆ (چۆك)، دەم، ئەنگوست (تبل)، پەنجەی پێ.



چالاکی (٢)

ددان ←ددانەکان

چاو ← چاوەکان

قوتابی ژیر... تۆش ئەم پەیڤانە وەکو ئەوانی پێشوو لێبکە:

دەست ← ....

ئەنگوست← ....

پەنجە ← ....

نینۆك ← ....

چۆك ← ....

چالاکی (٣)

خۆش × ناخۆش

خوێندکاری ژیر: تۆش وەکو سەرەوە پەیڤەکانی لای خوارەوە تەواو بکەو لە ژمارە حەفتەوە خۆت چوار پەیڤی دی بهێنەوە. ئەگەر نەتزانی با مامۆستاکەت یارمەتیت بدات:

١. ساز × ....

٢. بەجێ × ....

٣. ئارام × ....

٤. پەسەند × ....

٥. ڕێکـ × ....

٦. پاکـ × ....

٧. .... × ....

٨. .... × ....

٩. .... × ....

١٠. .... × ....

قوتابیـــــــــــــم

قوتابیم لە پۆلی ســـیێ
ئازاو ژیر، بەڕێو جـــێ
بولبولی گچکەو ساوام
لە باخی ژین بێ پەروام
شەیدای گوڵی زانستم
هەر خوێندنە مەبەستم
شەوو ڕۆژ هەوڵــــدەدەم
بەهۆی کتێب پێبگـــــەم
تا بگەمە خۆشی ژیان
لە چوارچێوەی کوردستان

"عەزیز مەلا ڕەش"

واتای وشەکان

وشە		واتا
ژیر	:	عاقڵ
بێ پەروام	:	بێ ترسم، بێ باکم
شەیدا	:	عەودالٚ
بەرِێو جێ	:	رِێکوپێک
هەوڵدەدەم	:	کۆشش دەکەم، تێدەکۆشم
پێبگەم	:	بیگەمێ

راهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١. تۆ لە قوتابخانە فێری چی دەبیت؟

٢. تۆ شەیدای چیت؟

ڕاهێنان

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

١. قوتابیم لە ....

٢. هەر خوێندنە ....

٣. لە باخی ژین ....

٤. شەوو ڕۆژ ....

٥. بگەمە خۆشی ....

٦. لە چوارچێوەی ....

چالاكی (١)

خوێندکارێکی دەنگخۆش سروودێکی کوردی بڵێت.

چالاكی (٢)

بە خەتێکی جوان دووجار ئەم دێرە هۆنراوەیە بنووسەوە.

بخوێنە چونکە خوێندن

مەرهەمە بۆ زامی گەل

ئەنجامی درۆکردن

رۆڵەکانم، درۆکردن رەوشتێکی ناشیرینە، ئەنجامی زۆر خراپە با ئەم چیرۆکەتان لەسەر خراپی درۆکردن بۆ ڤەگێڕم:

جارێکیان، شوانێك مەڕەکانی دەلەوەڕاند، لە پڕ هاواری کرد:

- هۆ خەڵکینە بگەنە هانام، گورگ مەڕەکانی منی خوارد!!

خەڵك بۆ ڕزگارکردنی مەڕەکانی خێرا رایان کرد، بەڵام شوان لە قاقـای پێکەنینی داو گوتی:

بە خوا وا نەبوو درۆم کرد.

ڕۆژ هات‌و ڕۆژ چوو، گورگ بە ڕاستی کەوتە ناو مەڕو ماڵاتەکەو شـوان هاواری لێهەستا:

خەڵکینە، ئەی هاوار گورگ مەڕەکانی منی خوارد، زوو فریام کەون!

خەڵکەکە گوێیان پێ نەدا چونکە پێشتر شوانە درۆی لە گەڵ کردبوون، بۆیە گورگ مەڕەکانی بێ سەروبەر کردن.

جا ڕۆڵەکانم... درۆکردن هەموو کاتێك ئەنجامی خراپی هەیە.

هەر وەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێت:

درۆزن ئاگری لە ماڵ بەربوو بوو

وتیان درۆیە کەسـی بـۆ نـەچوو.

واتای وشەکان

وشە		واتا
گوێ	:	گوهـ
شڤان	:	شوان
مەڕ	:	پەز
لە پڕ	:	لە ناکاو
بگەنە هانام	:	فریام کەون، بمگەنێ

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. شوانەکە چ درۆییێکی کرد؟

٢. خەڵک کە بەهانای مەڕەکانەوە هاتن، شوانەکە چی گوت؟

٣. بۆچی خەڵک لە جاری دووەمدا باوەڕیان بە شوانەکە نەکرد؟

چالاکی (١)

وشە و ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەوەو ژمارەکانیان لەژێر وێنەی گونجاودا بنووسە:

١. هێلکە دەکات
٢. خێرایە
٣. دەوڕێت
٤. گارە گار دەکات
٥. کڕ دەکەوێت
٦. شیرمان دەداتێ
٧. بەوەفایە
٨. سواری دەبین
٩. دایکی جووجەڵانە
١٠. دەباڕێنێت
١١. دەحیلێنێت
١٢. خوری هەیە
١٣. دڕە
١٤. بەرزە وڵاخە
١٥. دایکی تووتکانە
١٦. دایکی بەرخانە



چالاكی (٢)

به هێڵێک ئەم وشانه به پێچەوانه‌كانیان بگه‌هێنه:

درۆزن	سه‌ربه‌ستی
ناشیرین	دوژمن
خراپ	نزیك
خێرا	ترسنۆك
زوو	جوان
ئازا	راستگۆ
دوور	كورت
دۆست	دره‌نگ
ژێرده‌ستی	چاک
درێژ	له‌سه‌رخۆ

چالاكی (٣)

به‌ڕێز مامۆستا/ ده‌كرێ له‌شێوه‌ی نواندنێك ئه‌م به‌سه‌رهاته له‌ناو پۆل له‌لایه‌ن چه‌ند قوتابییه‌كه‌وه نمایش بكه‌ن.

خۆشت یارمه‌تی قوتابییه‌كان بده بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م كاره.

زانایەکی نەمر

کارزان منداڵێکی زیرەک بوو، دەمێک بوو بیری لە چۆنیەتی پەیدابوونی شەو و رۆژ دەکردەوە، بۆیە لە مامۆستای پرسی:

مامۆستا پێمان ناڵێی شەوو رۆژ چۆن پەیدا دەبن؟

مامۆستا ئافەرینی لەم پرسیارە کردو ئەوجا گوتی:

قوتابییانی خۆشەویست:

سەدان ساڵ لەمەوبەر زانایان وایان دەزانی کە خۆر لە ئاسمان دەسورێتەوەو بەو سوورانەوەیە شەوو رۆژ پەیدا دەبن.

کارزان: واتا وایان دەزانی کە زەوی بێ جوڵەیەو خۆر جووڵەو سوڕانەوەی هەیە.
مامۆستا: بەڵێ، بەڵام پاش سەدان ساڵ زانای بەناوبانگی پۆڵەندی (کۆپەر نیکۆس) ئەم بیروڕایەی راستکردەوە.

ئازاد: مامۆستا چۆن هەڵەکەی راستکردەوە؟
مامۆستا: رۆڵەکانم، پاش لێکدانەوەیەکی زۆر بۆی دەرکەوت کە خۆر هیچ جووڵەی نییە، بەڵکو زەوی دوو جۆر جووڵەی هەیە.
جۆری یەکەم، بە ماوەی ساڵێك بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە بەم سووڕانەوەیە هەر چوار وەرزی ساڵ پەیدا دەبن.
بەهار، هاوین، پاییز، زستان

جۆری دووەمیش بە ماوەی شەوو رۆژێک بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە بەم سووڕانەوەیە شەوو رۆژ پەیدا دەبن.

کارزان: زۆر سوپاس مامۆستا گیان.

هەزاران سڵاو لە یادی زانای نەمر کۆپەرنیکۆس*

واتای وشەکان

وشە		واتا
خۆر	:	رۆژ
دەسووڕێتەوە	:	دەخولێتەوە
گۆی زەوی	:	تۆپی زەوی
بێ جووڵەیە	:	نابزڤێت، وەستاوە

---

* کۆپەرنیکۆس: زانابییەکی گەردوونناسی پۆڵەندی بوو لە ساڵی ١٤٧٣ز لە دایك بووەو لە ساڵی ١٥٤٣ز کۆچی دوایی کردووە.

ڕاهێنان

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. سەدان ساڵ لەمەوبەر زانایان وایان دەزانی کە ....

٢. زەوی بە دەوری خۆردا ....و هەر .... پەیدا دەبن.

٣. زانای بەناوبانگی پۆڵەندی .... بۆی دەرکەوت کە خۆر هیچ .... نییە.

٤. شەوو رۆژ لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری .... پەیدا دەبن.

چالاکی (١)

مامۆستای بەڕێز/ لەگەڵ خۆتدا ئەمانە ئامادە بکە:

١. گۆی زەوی.

٢. چراییێک کە باشتر وایە گلۆپ بێت.

ئەوجا لەبەردەم قوتابییان هەردوو جووڵەی زەوی روونبکەوە، با چرایەکە ببێتە خۆر.

چالاکی (٢)

خوێندکارانی خۆشەویست:

أ- ساڵ چەند وەرزە؟ ناوەکانیان بڵێ‌و بیاننووسە.

١. .... ٢. .... ٣. .... ٤. ....

ب- زەوی بە ماوەی چەند کاتژمێر بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە؟ زەوی بە ماوەی .... کاتژمێر (دەمژمێر) بە دەوری خۆ یدا دەسووڕێتەوە.

(ئەگەر نەتزانی لە مامۆستاکەت بپرسە)

جـ- زەوی بە چەند ڕۆژ بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە؟

زەوی بە .... ڕۆژ بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

(ئەگەر نەتزانی لە مامۆستاکەت بپرسە).

چالاکی (٣)

بە خەتێکی جوان دووجار ئەم دێرە لە تێنووسەکەت بنووسەوە:

﴿خۆر سەرچاوەی ڕووناکیی‌و هەموو وزەیەکە﴾.

چالاکی (٤)

قوتابی خۆشەویست/ ساڵ چوار وەرزەو دوازدە مانگیشە، هەر وەرزێك سێ مانگە، ناوی مانگە کوردییەکان ئەمانەن:

وەرزی بەهار	وەرزی هاوین
١. خاکە لێوە (نەورۆز)	٤. پووشپەڕ
٢. گوڵان (بانەمەڕ)	٥. خەرمانان
٣. جۆزەردان	٦. گەلاوێژ

وەرزی پایز	وەرزی زستان
٧. رەزبەر	١٠. بەفرانبار
٨. خەزەڵوەر (گەڵاڕێزان)	١١. رێبەندان
٩. سەرماوەز	١٢ رەشەمە

خوێندکاری ژیر/ ناوی مانگە کوردییەکان لەبەر بکە.

سەیرانەكك كوردستانیێ

هۆگر دگەل خێزانا خۆ دچوونە هاڤینگەها بێخال، برێڤە و دپەنجەرا ئۆتۆمبێلێرا هۆگری بەرێ خۆ دا سروشتیێ كوردستانیێ، چیاو گرو دۆلو نهالان. دلێ وی بڤان دیمەنێن جوان گەلەك خۆش بوو، پشتی گەهیشتینە وێدەرێ دناڤ ئاڤێدا هۆگری یاری دكرن، ئەلند نیاسیو بوونە هەڤالێن ئێكو دانوستاندن كرن.

هۆگر: ئەلند لە كوێ هاتووی؟

ئەلند: ئەز ژ دهۆكێ هاتیمە.

هۆگر: دەچیتە قوتابخانە؟

ئەلند: بەلێ و ئەز گەلەکێ زیرەك‌و چەلەنگم.

هۆگر: سالێ داهاتوو دێمە شاری دهۆك‌و بە کرمانجی دێ ئاخڤم.

ئەلند: بەلێ ئەم یەکـ میللەتین.

پاشان خودا حافیزی ل ئێکو دوو کر. هەر یەك چوو دەڤـ خێزانا خۆ.

ئەلندی گوتە بابێ خۆ: بۆچی هەتا نهۆ مە ئێك زمانێ خواندن‌و نڤیسینێ نینە؟

باب: ئەلند ما تە ئەو دارو بار نەدیتن هەمی بیێن رەش بووی، خەملا چیایان گوهارتبوو؟ ئەو دوژمنێ میللەتێ کورد سۆت بوون‌و وان نەدهێلا ئەم ببینە یەکـ، لێ کورد یەکن‌ونابنە دوو.

ئەلند: سۆزبیت بابە گیان سالا داهاتی ب کرمانجییا ژێری باخڤم.

واتای وشەکان

وشە		واتا
هاڤینگە	:	هاوینەهەوار
بڕێڤە	:	لە ڕێگادا
بەرێ خۆدا	:	تەماشای کرد
گر	:	گرت
نهال	:	گەلی
پشتی	:	دوای
بڤان	:	بەمانە
وێرێ	:	ئەوێ
چەلەنگ	:	چالاك
نهۆ	:	ئێستا
گوهارتبوو	:	گۆڕیبوو
خەمل	:	جوانی
لێ	:	بەڵام
باخڤم	:	قسەبکەم، بدوێم
ڤانە	:	ئەمانە

ڕاهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. هۆگرو خێزانا خۆ کیڤە چوو بوون؟

٢. هۆگری دپەنجەرا ئوتومبێلێڕا چ دیت؟

٣. هۆگری کی ناسی؟

٤. ئەلند ل چ باژێڕ هات بوو؟

٥. ئەلندی چ سۆزدا؟

ڕاهێنان (٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. هۆگری .... دکرن.

٢. هۆگرو .... بوونە هەڤالێن ئێک.

٣. باب: ما تە ئەو .... هەمی پێ ڕەش بوون.

٤. ئەلند گەلەکی ....

چالاكی (١)

١. ناڤێن سێ هاڤینگەهێن كوردستانی بنڤیسە.

ئـ. .... ب. .... پ. ....

٢. هەر هاڤینگەهەك ژ ئەوێن تە نڤێسین دكەڤنە كیژ پارێزگەهێ؟

٣. بۆچی دبێژنێ هاڤینگەهـ؟

ئەگەر پێویست بوو: مامۆستا یارمەتی قوتابییان بدەت.

چالاكی (٢)

هەر قوتابییەك باسی سەیران بكات كە لە رۆژی نەورۆز لەگەڵ خێزانەكەی كردوویەتی.

چالاكی (٣)

هاڤین + گە ←―――― هاڤینگە

تۆش ئەم وشانە وەكو سەرەوە لێبكە:

دەرمان + گە ←――――

جێ + گە ←――――

دەر + گە ←――――

خوێندن + گە ←――――

پەیمان + گە ←――――

كار + گە ←――――

کۆترو مێروله

جارێکیان کۆترێك بۆ ئاو خواردنەوە لەسەر
کەناری رووبارێك راوەستابوو، چاوی بەمێرولەیەکـ دەکەوێت، کەوتۆتە
ناو رووبارەکەوە، خەریکە بخنکێت. کۆترەکە دڵی بە مێرولە هەژارەکە
سووتاو چیلکە دارێکی بۆ هاوێشت، تا خۆی پێوە بگرێتەوە، مێرولەکە
سواری چیلکەدارەکە بوو، لە خنکان رزگاریبوو.
زۆر سوپاسی کۆترەکەی کرد.
پاش ماوەیەکی کەم، کۆترەکە بۆ سەردارێکی نزیك رووبارەکە هەڵفڕی،
راوکەرێك چاوی پێکەوتو ویستی راوی بکات.

مێرولەکە دیتی راوکەرەکە دەیەوێت کۆترەکە راوبکات، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەو کۆترە منی لە خنکاندن رزگارکرد، پێویستە منیش ئەو رزگار بکەم. پاشان مێرولەکە خێرا خۆی گەیاندە راوکەرەکەو توند لاقی گەست، راوکەرەکە ئاوڕیدایەوەو ئاگای لە کۆتر نەما.

لەو کاتەدا کۆترەکە هەڵفڕیو لە پاداشتی ئەو چاکەیە، کە لەگەڵ مێروولەکەدا کردبووی، لە مردن رزگاریبوو.

واتای وشەکان

وشە		واتا
کەنار	:	رۆخ، قەراخ
باشی	:	چاکی
لەو کاتە	:	لەو دەمە
چیلکە	:	دارێکی باریکـ
خێرا	:	بەلەز، بە پەلە
گەست	:	گازی لێگرت
هاوێشتی	:	فڕێیدا

راهێنان (۱)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. کۆترەکە لە ڕووبارەکە چی دیت؟

کۆترەکە لە رووبارەکە .... دیت خەریك بوو بخنكێت.

٢. کۆترەکە چی بۆ مێرولەکە کرد؟

کۆترەکە .... دارێکی بۆ مێرولەکە هاوێشت بۆ ئەوەی پێیدا هەڵبگەڕێت.

٣. مێرولەکە چی کرد؟

مێرووڵەکە سواری چیلکەدارەکە بوو لە .... رزگاریبوو.

٤. کێ کۆترەکەی دیت؟

.... کۆترەکەی دیتو ویستی راوی بکات.

٥. مێرولەکە لە دڵی خۆیدا چی گوت؟

گوتی: پێویستە من هەوڵبدەم بۆ .... ئەو کۆترەی کەمنی لە خنکاندن رزگارکرد.

راهێنان (٢)

بۆ وانەی داهاتوو هەر خوێندکارێك خۆی ئامادەبکات بەسەرهاتێکی خۆشمان لەناو پۆل بۆ بگێڕێتەوە.

راهێنان (٣)

ئەم وشانە بنووسەوە:

ئـ- تەڕو وشك.

ب- دارو بەرد.

پ- ڕەشو سپی.

ت- گژو گیا.

چالاکی

تۆ چاکە بکەو بیدە بە ئاوا

با کەس نەزانێ لای خوا نووسراوە.

دووجار ئەم دێرە هۆنراوەیە بەخەتێکی جوان بنووسەوە.

کوردستان

ئەم کوردستانە جوانە
خـوێنو دڵو چاومانە
خۆشـم دەوێ پڕ بەدڵ
ئـەیپارێزم وەکو گوڵ
سەربازی گەلو خاکم
ڕۆڵەی چوست چالاکم
کـوردسـتان دەپـارێزم
بە هەموو تواناو هێزم
سنگم دەکەم بە قەڵغان
بۆ بـەرگـری نیـشتمان.

(محەمەد پاکژ)

واتای وشەکان

وشە		واتا
سەرچاوە	:	سەروکانی
خۆر	:	رۆژ
دەمکەل	:	سەرێ بڵند (چیا)، لووتکە.
نایە سەر	:	دانا سەرێ خۆ
کرێکار	:	پاڵە
ئەڕۆن	:	دەچن
یەکسانی	:	وەکهەڤی، وەك یەك
فرمان	:	کار، ئیش، شوول

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. وڵاتی کوردان ناوی چییە؟

٢. ئاڵای کوردستان چەند رەنگە؟

چالاکی

* ناوی پێنج شار لە کوردستان بڵێ.

* مامۆستا نەخشەی کوردستان پیشانی قوتابییان بدات.

* مامۆستا ئاڵای کوردستان بە ڕەنگەوە پیشانی قوتابییان بدات.

* چوار قوتابی لای تەختە ڕەشە ڕابوەستن و،

یەکێکیان بڵێت: من (مەهاباد)م

ئەوەی دییان بڵێت: من (دیاربەکر)م

ئەوەی دی من (کەرکووک)م

چوارەم بڵێت: من (قامشلی)م

ئەمجا مامۆستا پێیان بڵێت هەریەکە لەم شارانە دەکەوێتە کوێ.

ئەمجا هەر چواریان دەستی یەکتر بگرن و بڵێن:

ئاسۆی دەروونم شادە

کوردستانم ئـــازادە

زستانی کوردستان

هەموومان دەزانین کە ساڵ بریتییە لە چوار وەرز:

بەهار، هاوین، پایز، زستان.

بەهار سەری ساڵەو سەرەتای ژیانەوەی دارو درەختو گژوگیایە. پاش بەهار هاوین دێت و هەوا گەرم دەبێتو میوە پێدەگاتو دەغڵودان دەدرێتەوە. ئەوجا پایز دێتو، لە پایزدا بەرهەمی ساڵ کۆ دەکرێتەوەو ئازووخەی زستان ڕێکدەخرێت. لە دوای هەموویان زستان دێت.

کوردستان، کە زۆربەی خاکەکەی شاخاوی‌و کوێستانە، لە زستان هەوای سارد دەبێت‌و بەفر و بارانی لێ دەبارێت، شاخەکانی بەرگێکی سپی بێگەرد دەپۆشن‌و خەڵکی بۆ خۆ پاراستن لە سەرما جل و بەرگی گەرم لەبەر دەکەن و کاتێك لە ماڵ چوونە دەرەوە، خۆیان باش دەپێچنەوە.

سەرەڕای ئەوەی زستان سارد و سەرمایە و بەفر ڕێگای سەیران و چوونە دەرەوە دەگرێت، زۆر شتی خۆشی تێدایە.

دوای بەفربارین، شێرە بەفرینە دروستدەکەین و لەگەڵ هاوڕێکانمان شەڕە تۆپەڵ دەکەین. شەوان لە ماڵەوە دادەنیشین، دوای نووسینەوەی وانەکانمان لەناو نوێنی گەرمدا دەنووین و خۆمان بۆ کار و خوێندنی سبەینێ ئامادە دەکەین.

واتای وشەکان

وشە		واتا
بریتییە	:	پێکدێت
زۆربەی	:	زۆرینە
خاك	:	زەوی
شاخ	:	چیا ، کێو ، کەژ
ئامادەدەکەین	:	ئیشدەکەین
بێگەرد	:	خاوێن، پاکـ

راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١. ساڵ لە چەند وەرز پێکـ دێت؟

٢. وەرزی بەهار چۆن دەبێت؟

٣. هەوای کوردستان لە زستان چۆنە؟

٤. لە زستان بۆچی رێگای سەیران دەگیرێت؟

٥. شێرە بەفرینە چییە؟

ڕاهێنان (٢)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بەڕاستیو بەهێڵێك بەیەكتر بگەیەنە:

ساڵ بریتییە لە	دروست دەكەین
لە پایزدا بەرهەمی ساڵ	چوار وەرز
شێرە بەفرینە لە زستان	كۆ دەكرێتەوە

چالاكی

ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە:

شاخ و داخ

بەرد و هەرد

شوان و گاوان

چاو و برۆ

مێوژ و گوێز

شێر و پڵنگ

تیر و كەوان

شێوازی ئاخاوتن

باوکێک ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، دەیگوت:

ڕۆڵەی خۆم ئەگەر لە کۆڕێک دانیشتیت کەم بڵێ و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە، چاوەڕوانی ئەوەبە تا نۆرەی تۆ دێت و خەڵکەکە هەموو گوێت لێدەگرن.

جا کەقسەت کرد، درێژەی پێ مەدە، چونکە ئەوەی زۆر بڵێت، هەڵەش زۆر دەکات، با قسەکانیش روون و رەوان بن، راوێژت خۆش و گفتت شیرین بێت، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکەکە رابکێشیتو کاریان لێبکەیت.

ڕۆڵەی خۆم ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت، چاک گوێی لێبگرە، بە شتی دیکە خۆت خەریک مەکە، چونکە چاک گوێ لێگرتن بەڵگەی پەروەردەی باش و رەوشتی پێگەیشتووە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
ببیستە	:	گوێی لێبگرە
ڕاوێژ	:	شێوەی قسەکردن
گفت	:	وتە
شێواز	:	ڕێ و شوێن

ڕاهێنان

نیشانەی (✓) لەبەر دەم ڕستەی تەواو دابنێ:

١. ئەگەر یەکێك قسەی بۆ کردیت:

(   ) یەڕتووکێك بخوێنەوە.

(   ) رووی تێبکە و گوێی بدەیە.

(   ) لەگەڵ هاوڕێیەکەتدا ئاخاوتن بکە.

(   ) قسەی پێ ببڕە.

٢. ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد:

(   ) زۆر بڵێ.

(   ) دەنگت بەرز کەوە.

(   ) بە دەنگێکی لەسەرخۆو ڕەوان قسەبکە.

(   ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە.

راهێنان

ئەم وتوێژە تەواوبکە و لەگەڵ هاوڕێیەکتدا (بە دوو قۆڵی گفتوگۆ بکە) بە مەرجێك شێوازی ئاخاوتن پەیرە و بکەن:

ئازاد : ڕۆژ باش. سەربەست: ....

—— : بۆ کوێ دەچیت؟ —— : ....

—— : لە قوتابخانە چی فێر دەبیت؟ —— : ....

—— : قوتابخانەی خۆت خۆشدەوێت؟ —— : ....

—— : بۆچی قوتابخانەی خۆت خۆشدەوێت؟ —— : ....

چالاکی

بەجوانی ئەم پەندە دووجار لە تێنووسەکەت بنووسە.

قسە هەزارەو دووانی بەکارە.

شێر و مشک

ڕۆژێك له ڕۆژان شێرێک گەڕایەوە لانەکەی خۆی، دیتی مشکێکی بچووك دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی شتێک بدۆزێتەوە بیخوات.

مشکە بچکۆلەکە، کە چاوی بەشێرەکە کەوت، لەترسا لەرزی لێهات، وایزانی شێرەکە دەیخوات.

بەڵام شێرەکە ئازاری نەداو گوتی:

مەترسە نات خۆم

مشکەکە زۆر سوپاسی لێبووردن و دڵ نەرمی شێرەکەی کرد و لانەکەی جێهێشت.

پاش چەند رۆژێک مشکەکە دیتی وا شێرەکە کەوتۆتە ناو تۆڕی نێچیروانێک.
چووە لای شێرەکەو پێیگوت:
گەورەم رێم بدەن، تا رایەلی تۆڕەکە بقرتێنم رزگارتان بکەم.

شێرەکە گوتی:
پێویستم بەهاوکاری تۆ نییە بەهێزی خۆم دەپسێنم
مشکەکە لە لایەکەوە وەستاو دیتی شێرەکە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی خۆی لە تۆڕەکە رزگار بکات.
پاش هەوڵێکی زۆر شێرەکە نەیتوانی خۆی رزگار بکات.
مشکەکە دیسان چووە پێشی‌و گوتی:
ئەگەر هێزو توانای خۆت بە کەڵکت نەهات، باشی‌و دڵنەرمیت بە هاوارتەوە دێت.
ئەوجا دەستیکرد بە قرتاندنی تۆڕەکە تا چەند رایەلێکی قرتاند.
شێرەکە رزگاری بوو و زۆر سوپاسی مشکەکەی کرد، کە پاداشتی چاکەکەی دایەوەو گوتی:
راستە ژیری بەگەورەیی‌و بچووکی نییە، پاداشتی چاکەش هەر چاکەیە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
گەورەیی	:	مەزناهی
هاوکاریی	:	یارمەتی
لانە	:	بێشە
بقرتێنم	:	بکرتێنم، بپچڕێنم
نێچیروانێک	:	راوچییەک

راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. شێرەکە لە لانەکەیدا چی دی؟

شێرەکە لە لانەکەی خۆیدا .... بچووکی دی.

٢. مشکەکە بۆچی دەگەڕا؟

مشکەکە دەگەڕا، بۆ ئەوەی .... بدۆزێتەوە بیخوات؟

٣. مشکەکە لەبەرچی دەلەرزی؟

مشکەکە لە .... دەلەرزی.

٤. مشکەکە چی بە دڵدا هات؟

مشکەکە بە دڵدا هات، کە شێرەکە ....

٥. شێرەکە دەیتوانی خۆی لە تۆڕەکە رزگار بکات؟

نەخێر .... توانای نەبوو خۆی لە .... رزگار بکات؟

٦. مشکەکە بۆ رزگارکردنی شێرەکە چی کرد؟

مشکەکە دەستیکرد بە .... تۆڕەکە.

ڕاهێنان (٢)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١.وای زانی دەیخوات.

٢.وای زانی براکەیەتی.

٣.وای زانی نەهاتووە.

٤.وای زانی جەژنە.

٥.وای زانی چاکە.

٦.وای زانی باوکێتی.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم پەندە جوان لە تێنووسەکەت بنووسەوە:

﴿ ژیری بە گەورەیی و بچووکی نییە ﴾

پەشیمانی

ڕۆژێک مێروولەیەک لەناو شارەکەی خۆی هەر لە خۆڕاو بەبێ هیچ هۆیەک توڕەبوو و لە شارەکە چووە دەرەوە.

گوتی: من دەمەوێ بە تەنیا بژیم، چووە ماڵ و شوێنێکی بۆ خۆی دروستکرد. ئەوجا بەدوای خواردندا گەڕاو چەند دەنکە گەنمەکی پەیدا کردو بردییە ناو ماڵەکەی خۆی. دوای ماوەیەک دەنکە گەنمەکان شینبوونو دەرگای ماڵەکەی لێگیراو دەستی بە هاوار هاوارکرد. کەسوکارەکەی بە هاوارییەوە چوون و رزگاریان کرد پێیان گوت:

تۆ بۆچی ئەوەندە کەللە رەقی و زوو تورە دەبی؟ ئەی نازانی دەنکە گەنم یان هەر تۆویەکی دی نابێت بە ساغی لەناو ماڵدا هەڵبگیرێت بەڵکو دەبێت یەکسەر بکرێت بە دوو پارچەوە چونکە بە ساغی شیندەبێتەوە، دەبێت بزانی کەس بەتەنیا ناتوانێت بژیت‌و تورە بوونیش رەوشتێکی باش نییە، هەموو کەسێکیش لەناو کەسوکاری خۆیدا بە نرخە.

مێروولە توورەکە دەستی بە گریان کردو گوتی:

زۆر پەشیمانم لەم کارەی کە کردم، بەڵام ئەم جیابوونەوەم وای لێکردم کە تا ژیانم ماوە نیشتمانی خۆم‌وشاری خۆم و کەسوکاری خۆم خۆشبوێت و جێیان نەهێڵم و تورەنەبم.

واتای وشەکان

وشە		واتا
شار	:	باژێڕ
لە خۆڕا	:	ژخۆڕا
شینبوو	:	ڕوا
بە دوای	:	بدووڤ
دەنک	:	دندک

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. زیانەکانی تورەبوون چین؟

٢. کاتێ مێرولەکە دەرگای لێگیرا کێ بەهانایەوە چوو؟

٣. ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا بژیت؟

چالاکی (١)

مامۆستا باسی پێکەوە ژیانی مرۆڤ بۆ قوتابییان بکات، کە کەس ناتوانێت تەنیا بژیت و هەموو کەسێك پێویستی بەکەسانی دی دەبێت. دەتوانێت پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابییەکانی وەک نموونە بۆ ئەو پێکەوە ژیانە باس بکات.

چالاکی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە وشەکانی ناو لاکێشەکە پڕ بکەوە:

.... مێرولەیە.

.... ئەستێرەن بە ئاسمانەوە.

.... منداڵن لەناو باخەکە.

.... باڵندەیە دەفڕێت.

ئەوانە، ئەمە، ئەمانە، ئەو

چالاکی (٣)

ئـ - منداڵ ب - ئەم منداڵە پ - ئەم منداڵانە

قوتابی ژیر: تۆش ئەم وشانە وەکو ئەوەی سەرەوە لێبکە:

پ -	ب -	ئـ -
		پیاو
		کۆتر
		گوڵ
		مێش
		هەنگ
		مریشک

چالاکی (٤)

توڕەبوون چرای بیرکردنەوە دەکوژێنێتەوە

هەموو توڕەبوونێک پەشیمانی لە دوایە

بە جوانی ئەم دوو دێڕەی لای سەرەوە لەتێنووسەکەت بنووسەوە، پاشان بۆمان باس بکە.

ژینـــــــــی لادێ

ژینی لادێ سەیرانـە
گەرچی تۆزێك گرانە

رۆژی نەورۆز سەری ساڵ
دەکەونە ئیش کوڕو کاڵ

یا جووت یا جۆگە هێنان
بۆ ئاو داشتن دەغـڵ و دان

یـا دار بـڕیــنی شاخە
یا خۆ پەرژیـنی بـاخە

یا تووتنە یـــا درەو

ناوەستن بە رۆژو شەو

یـــا گـێرە یـا شەن کردن

هەڵمەت بۆ فـەرمان بردن

فـەرقی نییــە نێرو مێ

هەرچی دانیشتووە لەدێ

گشت خەریکی فەرمانن

بـــۆ دەسـهێنانی نـــانن

تا تەواو دەبێت هاوین

تێدەکۆشن زۆر بەتـین

(قانیع)

واتای وشەکان

وشە		واتا
لادێ	:	گوند ، دێ
ئاوداشتن	:	ئاودێری
درەو	:	دروێنە ، دەغڵ دروونەوە
شەن کردن	:	هەلاڤیتن، دان بەبا
تێدەکۆشن	:	خەبات دەکەن، هەوڵدەدەن
فرمان	:	کارکردن

ڕاهێنان (١)

هۆنراوەکە بخوێنەوەو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. چەند ئیش‌و کارێکی لادێ بژمێرە؟

٢. لادێییەکان بەچییەوە خەریکن؟

راهێنان (٢)

ساڵ لە چوار وەرز پێکهاتووە، کە یەك بەدوای یەکدا دێن، ریزیان بکە؟

١. زستان

٢. هاوین

٣. بەهار

٤. پایز

راهێنان (٣)

نیشانەی (✓) بەسەر ئەو وشەیەدا بهێنە کە ڕاستە:

ئێمە لە (لادێ، شار) دەژین.

ڕۆژی نەورۆز (سەری، کۆتایی) ساڵە.

جووتیار (گێرە، دوورمان) دەکات.

دراوسێی باش

ماڵی سیروان‌و ماڵی پەری دراوسێ بوون، باوکی هەردووکیان لێک تورە ببوون‌و لەسەر منداڵەکانیان قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد.

ڕۆژێك دایکی پەری نەخۆشکەوت‌و پێویستی بە نەشتەرگەری دەکرد. پزیشکەکەی داوای قاپێک خوێنی بۆ کرد. باوکی پەری ئەوەندەی گەڕا خوێنی دەست نەکەوت‌و خوێنی خۆشی لە جۆری ئەو نەبوو.

باوکی سیروان کە زانی، بە پەلە گەیشتە نەخۆشخانەو خوێنی خۆی پشکنی، دیتی لە جۆری خوێنی دایکی پەرییە. بە پزیشکەکەی گوت: من خوێنی پێدەبەخشم.

باوکی پەری سوپاسی کردو پێی گوت: لێم ببوورە، نەم دەزانی ئەوەندە بە کەڵکی دراوسێکەت دێیت.

پەریش سوپاسی سیروانی کردو پێی گوت: نابێت چیدیکە لێکـ توڕە ببین.

واتای وشەکان

وشە		واتا
دراوسێ	:	هاوسێ
نەخۆشکەوت	:	نەساخبوو
پێویست	:	پێدەڤی
بە پەلە	:	بلەز، زوو
پێدەبەخشم	:	دەی دەمێ
چیدیکە	:	چیتر

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

١. بۆچی باوکی سیروان و باوکی پەری قسەیان لەگەڵ یەک نەدەکرد؟

٢. بۆچی باوکی پەری خوێنی نەدا بە دایکی پەری؟

٣. ئایا دەبێت دراوسێ قسە لەگەڵ یەکتر نەکەن؟

٤. کێ بە هانای دایکی پەری چوو و خوێنی پێ بەخشی؟

٥. پەری چی بە سیروان گوت؟

چالاکی (١)

پێویستە مامۆستا مافی دراوسێ لەسەر دراوسێ بۆ قوتابییان ڕوونبکاتەوە و داوایان لێبکات هەر قوتابییەک باسی مافێك لە و مافانە بکات.

چالاکی (٢)

مامۆستا دەتوانێت لەم بۆنانەدا پرسیار لە قوتابییان بکات کە دەبێت بەرامبەر دراوسێکانمان چۆن بین؟ ئەوجا مامۆستا زیاتر بۆ قوتابییان روون بکاتەوە، بۆنەکانی وەک: جەژن، بووک گواستنەوە، پرسە، نەخۆشکەوتن... هتد.

بولبولێکی داماو

رۆژێکیان سۆلاڤو سۆلین لەسەر ئەوە رێکەوتن کە سەر لەباخچەی گشتی بدەن، پاش ئەوەی گەیشتنە باخچەکە و بەناویا دەسوورانەوە، چاوییان بە بولبولێکی زامار کەوت، کە زۆر داماو بوو. سۆلاڤو سۆلێن هەڵیانگرت و بردیانەماڵەوە.

لە ماڵەوە زامەکەیان تیمارکردو دان و ئاویان بۆ داناو بە دەورو پشتیا دەهاتن، پاشی چەند رۆژێك بولبولەکە وردە وردە بەرەو چاکبونەوە دەچوو پاشان خستیانە ناو قەفەزێکی رەنگینەوە و رۆژانە سەردانیان دەکردو تەماشایان دەکرد زۆر کزو داماوە و لە جاران خراپترە، بۆیە سۆلاڤ بە سۆلینی گوت:

ئەم بولبولە خوازیاری سەربەستیو ئازادییە، بۆیە سۆلین دەرگای قەفەزەکەی کردەوەو بولبولەکە دای لە شەقی باڵو بەرەو خۆری ئازادی باڵی گرتو بەرزبۆوە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
داماو	:	دامای، غەمگین
هاوڕێ	:	هەڤاڵ، برادەر
ئازادی	:	سەربەستی
لق	:	لک

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. سۆلاڤو سۆلین بڕیاریاندا بۆ کوێ بچن؟

٢. بولبولێکی چۆنیان دیت؟

٣. بولبولەکەیان بۆ کوێ برد؟

٤. سۆلاڤ چی بە سۆلین گوت ؟

٥. بولبول بۆ کوێ فڕی؟

٦. بۆچی کە سۆلین بولبولەکەی بەردا دەستی بە خوێندن کرد؟

چالاکی (١)

ناوی هەندێك گیانداری سوودبەخش و زیانبەخش بنووسە.

سوودبەخش	زیانبەخش
.١	.١
.٢	.٢
.٣	.٣
.٤	.٤

چالاكی (٢)

پێویستە مامۆستا بۆ خوێندكارانی ڕوونبكاتەوە كە سەربەستی نەك هەر بۆ مرۆڤ، بەڵكو بۆ هەموو گیاندارێك پێویستە. دەتوانێت پرسیاریان لێبكات ئەگەر دایك و بابتان نەهێڵن حەفتەیەك لە ژوورێكی ماڵەوە بێنە دەرەوە هەست بەچی دەكەن؟

منداڵینه، ئاگاداربن

نەوزاد و ئازاد برادەری یەکدی بوون. ماڵیان لە گوندێکی سەر سنوور بوو، کە زۆر بە چڕی و خەستی مینڕێژ کرابوو، زۆر حەزیان بە وەرزش و یاریکردن دەکرد. گەلەك جاران دەچوونە دەرەوەی گوندەکەیان، لەو دەشت و دەرە یاری کوردەوارییان دەکرد، چونکە دەیانزانی وەرزش لەشی مرۆڤ بەهێز دەکات.

رۆژێکیان لەو ناوە یاری و گەمەیان دەکرد، لەپڕ نەوزاد چاوی بە شتێکی خڕی پلاستیکی سەرنجڕاکێش کەوت کە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، ویستی دەستی بۆ ببات، بەڵام یەکسەر ئەوەی هاتەوە بیر کە زۆر جار مامۆستا پێی دەگوتن، ئەگەر چاوتان بە شتێك کەوت

نەتانزانی چییە دەستکاری مەکەن تا دڵنیا نەبن کە سەلامەتە. چونکە لەوانەیە ئەمە تەڵە بێت بەتایبەتی منداڵان و خوێندکاران دەستی لێبدەن و بەڕوویاندا بتەقێتەوە و بیانکوژێت.

نەوزاد کە ئەمەی هاتەوە بیر لێی دوورکەوتەوە و بە ئازادی ڕاگەیاند، هەردووکیان دەستکارییان نەکرد، کە چوونەوە ماڵەوە باوک و دایک و خەڵکی گوندەکەیان ئاگادارکردەوە ئنجا بۆ ڕۆژی دوایی مامۆستاشیان لێ ئاگادار کردەوە، مامۆستاش بە پەلە بنکەی پۆلیسی لێ ئاگادار کردەوە. ئەوانیش پسپۆڕی تایبەتییان نارد، بۆیان دەرکەوت کە شتە خڕەکە مین بووە و وەك تەڵە دانرابووەوە ئینجا تەڵەکەیان پووچەڵ کردەوە و منداڵانیان لە کارەساتێکی ترسناک ڕزگار کرد.

واتای وشەکان

وشە		واتا
سنوور	:	تخوب
حەز	:	ئارەزوو
گەلەک	:	زۆرجار
بتەقیتەوە	:	بپەقیت
دەستکارییان نەکرد	:	دەستیان لێنەدا
بە پەلە	:	بلەز، بەخێرایی
ترسناک	:	مەترسیدار، پڕ مەترسی

ڕاهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. نەوزداو برادەرەکەی حەزیان بەچی دەکرد؟

٢. بۆچی نەوزادو ئازاد دەستکاری پێنووسەکەیان نەکرد؟

٣. مامۆستا کێی ئاگادار کردەوە؟

ڕاهێنان (٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. نەوزادو ئازاد لەو دەشتو دەرەدا .... دەکرد.

٢. وەرزش .... بەهێز دەکات.

چالاکی

وشە پێچەوانەکان بە هێڵێک بە یەکتری بگەیێنە

نزیك	لەسەر خۆ
دەرەوە	گشتی
بەهێز	دوور
بە پەلە	ناوەوە
تایبەتی	بێ هێز

میرێکی ناودار

بنەماڵەی بەدرخانییەکان میللەتپەروەر ڕۆشنبیرو نیشتمانپەروەر بوون، میری زاناو داناو مێرخاسیان لێ هەڵکەوتووە، یەکێ لەو میران جەلادەت بەدرخان بوو، کە لە ساڵی (١٨٩٣)ی زایینی لە شاری ئەستەنبول هاتۆتە دونیاوە.

جەلادەت بەدرخان هەمیشە دڵسۆزی پرسی ڕەوای میللەتەکەی بووە، بەشداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ئاگریداغدا کردووە. میرێکی ڕۆشنبیر بووە، گۆڤاری (هاوار)ی لە شام دەرکردووە، بۆ یەکەم جار پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی داناوە. لەتەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا لە ساڵی (١٩٥١)ی زایینی لەنەخۆشخانەی فەرەنسی لە شام کۆچی دوایی کردووە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
بنەماڵە	:	ماڵبات
نیشتماپەروەر	:	وڵاتپارێز
میرخاس	:	دلێر
پرس	:	دۆز، کێشە

ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. میر جەلادەت بەدرخان کێ بوو؟

٢. کەی لەدایکبووەو کەی کۆچی دوایی کردووە؟

٣. بەشداری لە کام شۆڕشدا کردووە؟

٤. بۆ زمانی کوردی چی کردووە؟

٥. کێ بۆ یەکەمین جار پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی داناوە؟

چالاکی (١)

مامۆستا، رۆڵی میر جەلادەت بەردخان لە بواری رۆشنبیری بۆ قوتابییان ڕووندەکاتەوە، دەرهێنانی گۆڤاری (هاوار) بە نموونە باس دەکات، هەروەها دانانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی.

چالاکی (٢)

ناو + دار = ناودار

تۆش ئەمانەی خوارەوە وەکو سەرەوە لێبکە:

دڵ + دار =

دین + دار =

پارە + دار =

گوهـ + دار =

خێزان + دار =

بەهرە + دار =

ناز + دار =

برین + دار =

هەرەوەز

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
وریاو زیرەكو دانـابـوو
هەرچی کەوتە بەر چاوانی
دەچـــووە بنـجو بـناوانـی
ڕۆژێ ئەوە دیقەتی کـرد
تەنیا مێرولەیەکی ورد
لـە دەنـکە گەنمێ ئالاوە
زۆر بەدەستییەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەدەبرا
هـێزو قـــووەتـــی لــێبڕا
ئەمجا ماندوو بوو لێیدا ڕۆی
هـی تری هێنا لەگەڵ خۆی
چوونە سەری‌و کاتێ زانی
گەنمیان برد بە ئـاســـانی
دارا لــەمــە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێوەرگرت
وتی هەر کارێ گـــرانە
بە هەرەوەزی ئاســـانـــە

(بێکەس)

واتای وشەکان

وشە		واتا
دیقەتی کرد	:	لێیورد بووەوە
دەچووە بنج‌و بناوانی	:	لێیدەکۆڵیەوە
بۆی نەدەبرا	:	نەیدەتوانی بیبات
هەرەوەز	:	هاریکاری، زیارە

دەستپاکی

رۆژێك لە رۆژان، کرێکارێکی هەژار دیواری ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی دەڕووخاند، لەکاتی ئیشکردندا توورەگەیەکی پڕ لە زێڕی دۆزییەوەو هەڵیگرتەوە، تا خاوەن ماڵەکە هاتەوە، دایەوە دەستیو گوتی:

((گەورەم ئەم تورەگەیەم لە کاتی ئیشکردندا دیتەوە)).

پیاوەکە زۆر دڵی پێ خۆشبوو، پێی گوت:

((لەمێژە ئەم زێڕەم لەژێر ئەم دیوارەدا شاردبۆوەو جێگەکەکەم نەدەدیتەوە، گەلێک بە دوایدا گەڕام، بەڵام نەم دۆزییەوە، نیشانەی راستی ئاخافتنەکەشم ئەوەیە کە دوو سەد زێڕی تێدایە)).

ئەوجا لە کرێکارەکەی داواکرد، کە زێڕی ناو تورەگەکە بژمێرێت کە ژماردی دیتی دووسەد زێڕە.

بە دڵخۆشی دایەوە دەست خاوەنماڵەکە، دەوڵەمەندەکەش لەبەر ڕاستگۆیی‌و دەستپاکی بیست زێڕی دا بە کرێکارەکە.

واتای وشەکان

وشە		واتا
نیشانە	:	بەڵگە
خواست	:	داواکرد
دەڕووخاند	:	هەرفاند ، رماند
دیتەوە	:	دۆزییەوە
زێڕ	:	ئاڵتون

ڕاهێنانی (١)

ئەم وشانە بخە رستەی تەواوەوە:

(دایك، شێر، منداڵ، کۆتر، کەو)

راهێنان (٢)

وەڵامی ئەم پرسیارانە تەواوبکە:

١. کرێکارەکە چی دەکرد؟

کرێکارەکە لە ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند ....

٢. کرێکارەکە چی دیتەوە؟

................یەکی دیتەوە گەلێک .... تێدابوو.

٣. کرێکارەکە چی بە خاوەن ماڵەکە گوت؟

کرێکارەکە بە خاوەن ماڵەکەی گوت: ((گەورەم ئەو .... لەکاتی ئیشکردندا دۆزییەوە)).

٤. خاوەن ماڵەکە داوای چی لە کرێکارەکە کرد؟

خاوەن ماڵەکە داوای لە کرێکارەکە کرد کە زێڕی ناو کیسەکە ....

٥. بۆچی خاوەن ماڵەکە بیست زێڕی دا بە کرێکارەکە؟

خاوەن ماڵەکە لەبەر راستگۆیی‌و .... بیست زێڕی دا بەکرێکارەکە.

٦. ئەگەر تۆ هەر شتێکت دۆزییەوە، چی لێدەکەیت؟

کولێرە

دایکی بارامو زارا هەشت نۆ کولێرەی لە تەنـدوور دەرهێنـاو لـەژێر قولێنەی سەر کەندووی ئاردەکەدا شاردییەوە، زاراو بارام، ئەملا گـەڕان کولێرە نەبوو، ئەولا گەڕان کولێرە نەبوو.

زارا دەستی دایکی گرتو گوتی:

- دایە گیان تو سەری خاڵم سەرو کولێرەمان بدەیە.

دایکیان گوتی:

- با باوکتان لە ئاش بێتەوە.

بارام دەستی بە نووزە نووز کردو گوتی:

- دایەگیان زۆرم برسییە. هیچ نەبێت لە تێ کولێرەمان بدەیە.

دایکی گوتی:

کورِم هەکا باوکتان گەڕایەوە. ئەو کاتە هەموو پێکەوە دادەنیشینو هەر کەسە کولێرەی خۆی دەخوات. بەڵام ئێستا نە باوکتان لە ماڵەو نە کولێرەکانیش دیارن.

بارام گوتی:

باشە ئەوە باوکمان لە ئاشە، ئەی کولێرەکان لەکوێن ؟

دایکی گوتی:

بۆ سەردانی گەنمی کێڵگەکان چوون.

زارا پرسی:

جا کولێرە چی گەنمە؟

دایکی گوتی:

ئەی نازانن کولێرە کیژی خاتوو گەنمە؟

بارام گوتی :

ئەی گەنم کیژی کێیە؟

دایکی گوتی:

گەنم كچی داپیرە زەوی‌و باپیرە بارانە.
ئەمـان لەم قسانە بوون، باوكیان لە ئاش گەڕایەوەو هەشت نۆ كـولێرەی زەردی جوانیش سەریان لـەژێر قوڵێنەكـەی سـەر كەنـدووی ئاردەكـەوە دەرهێناو زاراو بارامیش دایانە قاقای پێكەنین.

واتای وشەكان

وشە	واتا
كولێرە	: ئەستورك
قوڵێنە	: سەبەتە، جێنان، تریانە
كەندووی ئاردەكە	: كوانوی ئارد

راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. دایکی زاراو بارام کولێرەکانی لە کوێ شاردەوە؟

٢. باوکی زاراو بارام لەکوێ بوو؟

٣. کولێرە چی گەنمە؟

٤. زاراو بارام کە باوکیان گەڕایەوە چیان کرد؟

راهێنان (٢)

ئەم دوو وشانەی خوارەوە چیان کەمە، بۆیان دابنێ و لە پاشاندا بیان خوێنەوە:

نان .... دۆ

گەنم .... جۆ

باوکك .... کوڕ

بزن .... مەڕ

بەفر .... باران

چالاکی

ئەم پەندە بە خەتێکی خۆش لە دەفتەرەکەتدا بنووسە.

(بە هۆی گوڵە گەنمێکەوە سەد گوڵە زیوان ئاو دەخواتەوە)

دوو مێشووله

دوو مێشووله سەریان بە یەکدا کردبوو لەگەڵ یەك دەئاخافتن.

مێشوولەی یەکەم: لە کوێوە دێیت؟

مێشوولەی دووەم: لە شارەوە دێم.

مێشوولەی یەکەم: هیچت دەستکەوت؟

مێشوولەی دووەم: ئەدی چۆن؟ خوێنی سێ کەسانم مژی‌و هەرسێکیانم تووشی نەخۆشیی لەرزو تا کرد.

مێشوولەی یەکەم: هەروەها بە ئاسانی؟

مێشوولەی دووەم: ئەرێ، بە ئاسانی چی؟

لەوانە بوو تووشی هەزار ناخۆشی ببم. سەرم بە ماڵێکدا کرد، پەنجەرەکەی تەلبەند کرابوو.

بۆ ماڵێکی دیکە چووم، ئەویش دەرمانیان پێوە کردبوو وەخت بوو بێهۆش ببم.

بۆ ماڵێکی دی چووم، لەناو پەردە کوللەدا نووستبوون.

مێشوولەی یەکەم: دوایی؟

مێشوولەی دووەم: دوایی گەڕام... گەڕام تا ماڵێکی دیکەم دۆزییەوە.

تەماشام کرد سێ چوار کەسی تێدا نوستبوون،

نە تەلبەند کرابوو، نە دەرمانی پێوە کرابوو، نە پەردە کوللە.

بیێتۆش ناخۆش تیژرو پڕ خوێنەکەیانم مژی.

مێشوولەی یەکەم: نۆشی گیانت بێت، بەڵام نەت بیستووە چی قەوماوە؟

مێشوولەی دووەم: چی بووە ماڵ وێران؟

مێشوولەی یەکەم: دوێنی چوار پێنج کارمەندی تەندروستی بە دەرمان وردو درشتیان لەناو بردین. بەڵام باشبوو، من بەرنەکەوتم.

مێشوولەی دووەم: ئەی هاوار هەی! کەواتە بەم زووانە هەموو بڵاو دەبینەوە... جا بەبێ خوێن مژین بەچی بژین؟

هەردوو مێشوولە ماوەییێک بێدەنگ بوون پاشان بڕیاریاندا کە زەلکاوە ژەهراوییەکەیان بەجێ بهێڵن و بۆ زەلکاوەیکی دوور بار بکەن...

واتای وشەکان

وشە	واتا
مێشوولە	: پێشکە
دەئاخافتن	: گفتوگۆیان دەکرد
باربکەن	: کۆچ بکەن
ئاسانی	: ساناهی
زەلکاو	: ئاوی بۆگەن
درشت	: گەورە

راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١. دوو مێشوولە سەریان بە یەکدا کردبوو، چییان دەگوت؟

٢. مێشوولە زیانی چییە بۆ مرۆڤو کام نەخۆشی تووشی مرۆڤ دەکات؟

٣. چۆن لە مێشوولە خۆمان بپارێزین؟

٤. دوژمنی مێشوولە چییە؟

٥. پزیشک چۆن خزمەتی وڵاتەکەی دەکات؟

راهێنان (٢)

ئـ- کرد

ب- کردبوو.

تۆش ئەم وشانەی خوارەوە وەك نموونەی (ب) لێبکە:

گرت

پاراست

برد

نوست

سڕی

ئەرکی ماڵەوە

ئەمانە زیانیان چییە؟

(مێشوولە، زەلکاو، مێش، مشک)

ئەنجامی لە خۆبایی بوون

لە پشووی نیوەی ساڵ چوومە سەردانی ماڵی باپیرم کە لە گوندێکی خۆش، لە بناری چیای سەفین دەژین، شەوێکیان داپیرە ئەڤ چیرۆکە خۆشەی بۆ گێڕاینەوە.

داپیرە گوتی: ڕۆڵە خۆشەویستەکانم

لە دارستانێک کۆمەڵە درەختێك دەوری دار چنارێکیان گرتبوو، لە زیانی باو وبۆران و زریان دەیان پاراست. دار چنار ساڵ لەدوای ساڵ هەڵدەچوو، بڵندتر و بەهێزتر دەبوو تاوای لێ هات بەسەر هەمووان کەوت.

دار چنار له خۆبایی بوو، فەرمانی دا:

ئەم دار گوێزەی لای راستم ببڕن چونکە پێشی هەتاوی لێگرتووم، رۆژێکی دی گوتی: ئەڤ دار سێوەی ژێر پێم دا پاچن چونکە رەگو ریشەی لەهی من ئالاوە.

بەم جۆرە بە فەرمانی دارچنار هەموو دارو درەختەکانی دەوروبەری هاتنە بڕینو خۆی بە تەنیا مایەوە.

رۆژێک بایەکی توند هەڵیکردو دارچناری بەملاو بەولادا برد، هەر چەندە رەگو ریشەی لە قولایی زەوی قایم کردبوو، بەڵام توانای خۆڕاگرتنی نەبوو، لەناکاو قرچەی لێوەهات، پشتی تێکشکاو کەوتە سەر زەوی.

داپیرە گووتی: رۆڵەکانم ئەگەر مرۆڤیش لە خۆبایی بوو وەکو ئەو دارچنارەی ناو ئەو دارستانە بە زەویدا دەکەوێت و پشتی دەشکێت*.

واتای وشەکان

وشە		واتا
پشوو	:	حەسانەوە
باو بۆران	:	بای توندو بەهێز کە بارانیشی لەگەڵ بێت
هەڵدەچوو	:	بڵند دەبوو
لە خۆبایی بوو	:	فیزی لێ پەیدا بوو
داپاچن	:	لق و قەدی ببڕن
لە ناکاو	:	لەناوەخت، لە پڕ

* بە دەستکارییەوە لە گوڵبەهارە کتێبی (٢) ئەحمەدی کاکە مەمی وەرگیراوە.

راهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. بۆچی کۆمەڵە درەختەکە دەورەی دارچناریان گرتبوو؟

٢. دارچنار فەرمانی چی دا؟

٣. مرۆڤی لە خۆبایی بوو چی بەسەر دێ؟

چالاکی (١)

خوێندکاری خۆشەویست/ ناوی پێنج داری بەردارو پێنج داری بێ بەر بێژەو پاشان لە تێنووسەکەت ناوەکانیان بنووسە.

چالاکی (٢)

بەهێز = بەهێزی

قوتابی ئازیز/ تۆش ئەمانەی خوارەوە وەك نموونەی سەرەوە لێ بکە:

بلند = ...

جوان = ...

کورت = ...

خۆش = ...

زیرەك = ...

مەزن = ...

نەرم = ...

چالاکی (٣)

ئاگر + دان ⟵ ئاگردان

قوتابی خۆشەویست/ تۆش ئەمانەی خوارەوە وەك نموونـەی سـەرەوە لـێ بکە:

گوڵ	+ دان	⟵	....
شەکر	+ دان	⟵	....
چا	+ دان	⟵	....
خوێ	+ دان	⟵	....

کوردستانمان شیرینە

کوردستانمان شیرینـــــە
خاکـو ئاوی زێڕینـــــە
شاخ و دۆڵی بەفرینـــــە
لەسەر ڕووی ئەم زەمینە
ئاوی گەلێ سازگـــــارە
هەوای خۆش و لەبـــارە
خاوەن گەلێ نـــاودارە
لەناو جیهاندا دیـــارە
خـــوایە هەر ئاوەدان بـــێ
جێگەی خۆشی و سەیران بێ

(ئیدریس عە بدوڵا مستەفا)

پــــەز

لاله شاسوار باخـەوانی چـاکه، حـەز لـه دارو درەخـت دەکـات، لـه باخەکەیدا هەموو جۆرە داری میوەیەك هەیە.

رۆژێک دوو مەڕ له مەڕەکانی کاک رۆستەم هاتبوونه نـاو باخەکـەی لاله شاسوار زیانیان به باخەکه گەیاندبوو. مام خدر بەمـە تـوڕە بـوو. چوو گازاندەی له کاک رۆستەم کردو پێی گوت:

- من نازانم ئەم پەزانەی تۆ سوودیان چییه؟ بۆ وازیان لێ ناهێنیت؟ بۆ نایێیت وەکو من ببیت به باخـەوان، هەمیـشه لـەنێو گـوڵو چـیمەنو دارستاندا بژیتو کام میوەی خۆشه بیخۆیت؟

کاک ڕۆستەم وەڵامی دایەوە:

- لالۆ شاسوار! پەزەکانی من ئەگەر سوودیان لە درەختەکانی تۆ زیاتر نەبێت کەمتر نییە!

با پێت بڵێم: مەڕەکەی من دەزێت، بەرخێک یا دووانی دەبێت. شیری هەیە دەیدۆشین. لە شیرەکەی ماستو فرۆ پەنیرو فەریکەرۆنو شیرێژو کەشکو گەلێک شتی دی دروستدەکەین. هەموو ساڵێک مەڕەکانم بە جەو دەبڕمەوەو لە خورییەکانیان ئەم شتانە دروستدەکرێت:

شاڵی رانکو چۆغە، فەرەنجیو پەستەک، گۆرەویو لەپک، پووزەوانە، بەرماڵو جاجم، بەڕەو مافوور، تێرو گەلێک پێویستی دیکەی ناو ماڵ.

ئەگەر حەزمان لە گۆشت کرد سەری دەبڕینو جگە لە گۆشت سەرو پێو سیو جەرگەکەشی دەخۆین. ئەمجا پێستەکەی دەکەین بە بەری کورکی زستانان یا دەیکەن بە مەشکەو کوندەو هەمبانە. دەهۆڵو دەفو قایشو قڕوش زینی وڵاخیشی لێدەکرێت.... کەواتە.

پەزەکانی من بێسوود نینو بە کەڵکن.

لالە شاسوار پێکەنیو گوتی: باشە کاک ڕۆستەم ئەوا زانیم.

پەز سوودی زۆرە، بەڵام مەهێڵە بچنە ناو باخەکەی منەوە.

کاک ڕۆستەم لە وەڵامدا گوتی:

وەی بەسەر هەردوو چاوم

واتای وشەکان

وشە		واتا
پەز	:	مەڕو بزن
گازاندە	:	گلەیی
جەو	:	قەلەغ، مەقەسی مەڕ بڕینەوە.

ڕاهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١. بۆچی لالە شاسوار تورە بوو؟

٢. لە کۆتایی گفتوگۆ کاکە ڕۆستەم بەڵێنی چی بە لالە شاسوار دا؟

٣. پێستی مەڕو ماڵات بۆچی بەکاردێت.

ڕاهێنان (٢)

١. ناوی پێنج بەرهەمی شیری مەڕ بژمێرە.

٢. ناوی پێنج شت بڵێ کە لە خوری دروست دەکرێن.

پێرست

ژ	بابەت	لاپەڕە
١.	لەسەرەتای ساڵەوە (هۆنراوە)	٣
٢.	ڕەوشتی باش	٦
٣.	چۆلەکە و ڕێوی	١٠
٤.	ددانەکانمان	١٣
٥.	قوتابیم (هۆنراوە)	١٨
٦.	ئەنجامی درۆ کردن	٢١
٧.	زانایەکی نەمر	٢٦
٨.	سەیرانەک ل کوردستانێ	٣٢
٩.	کۆتر و مێرولە	٣٧
١٠.	کوردستان (هۆنراوە)	٤٢
١١.	زستانی کوردستان	٤٥
١٢.	شێوازی ئاخاوتن	٤٩
١٣.	شێرو مشک	٥٢
١٤.	پەشیمانی	٥٦
١٥.	ژینی لادێ (هۆنراوە)	٦١
١٦.	دراوسێی باش	٦٥
١٧.	بولبولێکی داماو	٦٩
١٨.	منداڵینە ئاگاداربن	٧٣
١٩.	میرێکی ناودار	٧٦

٢٠.	هەرەوەز (هۆنراوە)	٨٠
٢١.	دەستپاکی	٨٢
٢٢.	کولێرە	٨٦
٢٣.	دوو مێشولە	٩٠
٢٤.	ئەنجامی لە خۆبایی بوون	٩٥
٢٥.	کوردستانمان شیرینە (هۆنراوە)	٩٩
٢٦.	پەز	١٠٠

تیراژ (١٣٩٠٠٠) ژمارەی سپاردن (١١٢٧) ساڵی ٢٠٠٨ نرخ (١٢٥٠) دینار

چاپی یەکەم ٢٧٠٨ کوردی ٢٠٠٨ زایینی

چاپخانەی الاتحاد - لوبنان